وەزارەتی دەرەوە: دانانی چەکی پەکەکە هەنگاوێکی ئەرێنی و گرنگە بە سەقامگیری عێراق و ناوچەکە

وەزارەتی دەرەوە، ئەمڕۆ دووشەممە، رایگەیاند دانانی چەکی پەکەکە هەنگاوێکی ئەرێنی و گرنگە کە بەشدارە لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق و ناوچەکە.

وەزارەتەکە لەبەیاننامەیەکدا باویکردەوە "وەزارەتی دەرەوە پێشوازیی کەماری عێراق لە بڕیارەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەوەشاندنەوەی خۆی و وەستاندنی شەڕی چەکداری و دانانی چەکەکانی دەردەبڕێت و بە هەنگاوێکی ئەرێنی و گرنگ دەزانێت کە بەشدارە لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق و ناوچەکە".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "ئێم ڕاگەیاندنە نوێنرایەتی دەرفەتێکی ڕاستەقینە دەکات بە پێشخستنی هەوڵەکانی ئاشتی و کۆتاییهێنان بەو ململانێیە درێژخایەنانەی کە دەیان ساڵە سەبەریان بەسەر گەلانی ناوچەکەدا خستووە هەروەها ئێم پێشهاتە خاڵی چوونە ژوورەوەی سروشتی پێکدەهێنێت بە سەرلێنوێ سەیرکردنەوەی ئەو بیانوو و پاساوانەی کە لە مێژە بە پاساوهێنانەوە بە بوونی هێزی بیانی لەسەر خاکی عێراق بەکارهێنراون".

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکە، وەزارەت پاڵپشتی خۆی بە هەموو هەوڵەکان دووپاتکردەوە کە ئامانجیان چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیرییە، جەختی لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئەمنییەکان لەگەڵی

دیالۆگ و لێکتۆگەیشتن بە گەیشتن بە خواستەکانی گەلانی ناوچەکە بە ئاسایش و گەشەپەدان دووپات کردەوە.